## هەڵس و کەوتی سێکسی مرۆڤ

هەڵس و کەوتی سێکسی مرۆڤ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر لە هەشت ملیۆن ساڵی ڕابردووەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی ڕاست بەڕێگادارۆیشتنی مرۆڤ و گەورەبوونەوەی مێشکی کە بووە هۆی بیرکردنەوە، هەڵس و کەوتی سێکسیشی گۆڕانی بەسەردا هات. سەرەڕای ئەویکە سەرچاوەی هەر چەشن ژیانێك لەسەر ئەم هەردە دەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتێکی وەك یەك، بەڵام هەڵس و کەوتی سێکسی مرۆڤ وەك شتێکی تایبەت بە مرۆڤی لێ هاتووە. دەکرێ ئەو هەڵس و کەوتە بەسەر دوو بەشی جیاوازدا دابەش بکرێ: یەکەم: هەڵس و کەوتی سروشتی و بیۆلۆژی، و دووهەم: هەڵس و کەوتی کولتووری واتە ئەو گۆڕانکارییانە کە مرۆڤ خۆی بۆتە هۆی پێکهێنانی.

لای هەموو بوونەوەرانی سەر ئەم هەردە نیزیکی سێکسی لە خزمەت پەرەپێدانی وەچەکەیاندایە. تەنیا مرۆڤ لەو ناوەدا هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی وەچەکەی، لەو کارە بۆ چێژ وەرگرتن کەڵك وەردەگرێ و بە پێی کاتیش زۆرتر و زیاتر بە شێوازی هەمەڕەنگ پەرەی پێ داوە.

لە نیزیکەی زیاتر لە 4300 چەشن ئاژەڵی مەمکدار(شیردە) دا لەسەر ئەم پلانێتە، جیا لە مرۆڤ، مێوەکانیان لە کاتێکی تایبەتی ساڵدا هەست بە باردار بوونی خۆیان دەکەن. تەنیا مرۆڤ(ژن) وەك تاقانەیەکی نێوان بوونەوەرانی شیردە ناتوانێ هەست بە هاتنی کاتی بارداربوونی خۆی بکا. بەهۆی پەرەسەندنی زانستیەوە ئەمڕۆ بە یارمەتی ڕۆژژمێر دەتوانن بزانن کەنگێ و چ کاتێك باردار دەبن. مێی زۆربەی بوونەوەرانیتر بەهۆی بۆن پێوەکردن، دەنگ لەخۆ دانەدەر و ... نێرەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن.

تەنانەت ژن لە کاتی زگ پڕبوونیشدا دەتوانێ بە مەیلەوە لە نیزیکی سێکسی چێژ بەرێ، کارێك کە لە بوونەوەرانیتری شیردە دا نابینرێ. وێدەچێ پەرەسەندن لە هەنبەر چێژی سێکسی سەری خۆی بۆ مرۆڤ دانەواندبێ، چونکە بەتایبەت لە چەندین ساڵی ڕابردوەوە کاری سێکسی وەك کردەوەیەکی خۆشگوزەرانی لێ هاتووە. تەنانەت مێتۆدی تایبەت دۆزراونەوە کە بەرگری لە زاو زێی لە ڕادەبەدەر دەکات. ئەو مێتۆدانە بەڵگەن بۆ هۆگری مرۆڤ تەنیا بۆ چێژوەرگرتنی سێکسی، نە بۆ ڕاگرتنی وەچەکەیان. ئەو کارە بۆتە هۆی ئەوەیکە لە تاقمێك ناوچەی سەر زەوی هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی ژمارەی مرۆڤ، نیزیکی سێکسی نێوان ژن و پیاو زیاتر بۆتەوە. ئەو کارە یەك لە بەرچاوترین جیاوازییە سەرەکیەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵانیتری پێکهێناوە.

هاوتەریب لەگەڵ نیزیکی سێکسی بوونەوەران بۆ پەرەپێدانی وەچەکەیان، مرۆڤ لە چەند سەدەی ڕابردوەوە کولتوورێکی تایبەتی بۆ ئەو کارە دروست کردووە. لێرەدا چێژ لە سێکس لە پلەی یەکەمدا دەنراوە و تەنانەت وەك یەك لە کەرەسەکانی خۆشگوزەرانی لێ هاتووە. تەنانەت بۆ ڕاوەستان و پەرەپێنەدانی وەچەکەیان، شێوازی مەبەستدار بەکار دەهێندرێن. لە بار بردن و کۆرتاژ کردنی ژنی دووگیان نیشانەیەکیترە بۆ سەلماندنی بۆچوونی نیزیکی سێکسی تەنیا بۆ چێژ و خوشگوزەرانی مرۆڤ. ئەو کارە بۆتە هۆی ئەویکە لە چەندین ناوچەی سەر زەوی لە پەنا پەرە پێدان بە خوشگوزەرانی و چێژ وەرگرتن لە نیزیکی سێکسی، بەهۆی وەستان و پێشگرتن بە پەرەپێدانی وەچەکەیان، ژمارەی مرۆڤ لەو ناوچانە کەم بوونەتەوە کە ئەوەش یەکیتر لە جیاوازییە سەرەکیەکانی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرانیتری پێکهێناوە.

ئەو هەڵس و کەوتەی مرۆڤ بۆتە هۆی پەرەپێدانی کولتوورێکی نوێ کە ئەزموونەکەی لە کۆمەڵگاکاندا بە ڕاشکاوی دەبینرێ وەك: خۆفرۆشی سێکسی، گۆڕینەوەی هاوسەر، وێنەی سێکسی ژن و پیاو و منداڵ، دروستکردنی فیلمی سێکسی تا سادیسمی سێکسی و ...

به پتوونی ئەو چالاكییانە لە پەنا مەبەستی گەییشتن بە پارە، بۆ وەرگرتنی چێژی سێكسی چەندین كەرەسەی تایبەت بۆ زیاتر چێژ وەرگرتن دروست كراون. تەنانەت بۆ مرۆڤ بە توانایی كەم بۆ كاری سێكسی، دەوا و دەرمانیان دۆزیوەتەوە كە لەو كارەدا یارمەتیدەریان دەبێ.

هاوكات لەگەڵ گەورەبوونەوەی چالاكی سێكسی، زانستی ژێنێتیكی بۆتە هۆی پێكهێنانی بازاڕێكی ئابووری كە مرۆڤ دەتوانی لەسەر ئارەزووی خۆی بڕیار بۆ هەبوونی كچ یا كوڕ، چاوشین یا چاو ڕەش، قژ كاڵ یا لووت باریك و ... بدا.

درێژەی هەیە ...